# ئایا چەپی کوردی سەگی تۆپیووی سیاسەتی کوردییە؟

**بەختیار کەریم**

سەرەتا لەپێناو درووست نەبوونی بەدتێگەیشتندا، دوو ڕوونکردنەوە ئێجگار گرنگن. یەکەم گرنگە کە ئەو ناونیشانەی سەرەوە ڕوون بکەینەوە. مێتافۆری سەگی تۆپیوو (dead dog) یەکێکە لە بەکارهێنانە باوەکانی ناو ترادیسیۆنی مارکسیست. ئەم بەکارهێنانە بۆ یەکەم جار خودی مارکس بەکاریهێنا. مارکس لە بەشی یەکەمی سەرمایە (Capital)دا ئاماژە بەو پشتگوێخستن و لەبیرچوونەوەیە دەدات کە ڕووبەڕووی فەلسەفەی (هیگڵ) ببوەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا. لێرەدا گرنگ نییە تا چەند مارکس دروستە لەم تێڕوانینەیدا بۆ دۆخی فەلسەفەی هیگڵ لەو ڕۆژگارەدا، چونکە لانیکەم خودی فەلسەفەی مێژووی مارکس بریتییە لە قڵپکردنەوەی فەلسەفەی مێژووی هیگڵ و گۆڕینی لە فەلسەفەیەکی ئایدیاڵەوە بۆ فەلسەفەیەکی ماتریاڵیست. ئەوەی لیرەدا گرنگە خواستنی ئەو مێتافۆرەیە و بەکارهێنانیەتی لەپەیوەند بە دۆخی ئەو تەوژمە سیاسییەی کە پێیدەڵێن چەپی کوردی. بەکارهێنانی ئەم مێتافۆرە ئەگەرچی هەڵگری تۆنێکە لە گاڵتەپێکردن و داشۆرین، بەڵام واتا سەرەکییەکەی ئاماژە بۆ ناکارایی و بەدفەڕی بابەت یان لایەنی قسەلەسەرکراو دەکات. ئەو پرسیارەی ئێمە لێرەدا دەیوروژێنین، ئەوەیە کە ئایا چەپی کوردی گەیشتۆتە ئاستێک لە ناکارایی، ئایا تووشی پشتگوێخستنێکی جەماوەری ئەوتۆ بۆتەوە، کە ڕەوا بێت وەک سەگی تۆپیووی سیاسەتی کوردی ئاماژەی بۆ بکەین؟ یان وەک هەندێک پێمادەڵێن چەپی کوردی، تاکە دەروازە و فریادڕەسە کە بتوانێت کوردستان لەو هەلومەرجە سیاسییە سامناکەی ئێستای قوتاربکات؟

ڕوونکردنەوەی دووەم، پەیوەستە بە هەڵبژاردنی چەپەوە وەک سەگی تۆپیوو، لەکاتێکدا ڕاست پشتگوێ دەخەین. هۆکاری ئەمە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانەی خۆیان بە چەپ لەقەڵەم دەدەن، بانگەشەی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، لەکاتێکدا ئەوانەی لای ڕاست (جگە لە تەوژمە فاشیستییەکان)، خۆیان وەک پارێزەری هەلومەرجی باو (statues que) دەناسێنن. واتا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە بەرگری لە ڕاست بکەین، یان بانگەشەی سەرکەوتنی بکەین، کاتێک قسە لەسەر ناکارایی چەپ دەکەین. بەڵکو لەڕێگای ئەم وتارەوە سەرەتا دەخوازین کە دەستەوسانی ئەم دابەشکارییەی چەپ/ڕاست نیشان بدەین، پاشان ئاماژە بە هەژاریی هزری و ناکارایی مەیدانی ئەو کەسانە بدەین کە خۆیان بە چەپ دەناسێنن. هەژاریی و ناکاراییەک کە هاوکاتی گیرخواردنە لەنێو سیستەمە ئایدۆلۆجییەکاندا، کە پێگەی دەقی پیرۆزیان وەرگرتووە.

بەڵام کێشەی سەرەکیی سەرنجدان لە دایکۆتۆمی ڕاست/چەپ، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە هەموو ئەوانەی لەسەر سیاسەتی کوردی دەنووسن خۆیان لە وەڵامدانەوەی دەدزنەوە. پرسیارەکەش بریتییە لەوەی کە ئایا چەپی کوردی چییە و ئەو پێوەرانە چین کە چەپ لە ڕاست جیادەکەنەوە؟ دەکرێت پێمان بگوترێت کە پێوەری سەرەکی بانگەشەی لایەنی پەیوەندیدارە. واتا ئەگەر کەسێک یان حیزبێک وتی چەپم، ئێمە دەبێت دەستبەجێ سەری ڕازیبوون بۆ ئەم بانگەشەیە بلەقێنین. بەڵام ئەم پێوەرە لەبەردەم بچوکترین تاقیکردنەوەدا خۆی ڕاناگرێت و زۆر ئاسان پووچەڵ دەکرێتەوە. بۆ نموونە، تا ئەو جێگایەی ئێمە ئاگاداربین، جگە لە حیزبە ئیسلامییەکان، زۆربەی حیزبە کوردییەکانی باشوور خۆیان لەو لایەنەی ئەم دایکۆتۆمییەی چەپ/ڕاستدا جێدەکەنەوە کە بە چەپ ناسراوە. پێوەری دیکە دەکرێت هەبن، بۆ نموونە: چەپبوون وابەستەیە بە پێگەی ئایدۆلۆجی حیزبێکەوە، یان بەو ڕەوانبێژییە سیاسییەوە کە لەکاتێکی دیاریکراودا پەیڕەویی لێ دەکات. یان چەپبوون، هاوکاتیش ڕاستبوون، ڕەهەندێکی چینایەتی، ئایینی یان هزری هەیە. هەریەک لەم پێوەرانەش لەژێر ڕۆشنایی هەلومەرجی هەنووکەی سیاسەتدا بێبەهان. چونکە لە ئێستادا دەکرێت پێگەی حیزبێک لەنێوان چەپ و ڕاستدا لە گۆڕانکاریدا بێت، هەروەها دەکرێت زەمینێکی نێوەندی هەبێت کە حیزبەکان وەک پەناگەیەک لەم دابەشکارییەی چەپ/ڕاست هەڵیببژێرن. نموونەی ئەم جۆرە لە حیزب زۆرن و خوێنەری وریا دەستبەجێ کۆمەڵێک نموونە لە وڵاتانی جیاواز دێنە هزرییەوە.

بۆ ئەوەی نووسەری کوردی هەست بە گوناهێکی تر (بۆ سەر باری گوناهە زۆرەکانی) نەکات لە شکستخواردنی لە پێناسەکردنی چەپ و دۆزینەوەی پێوانکارییەک بۆ جیاکردنەوەی چەپ لە ڕاست، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هەتا ئێستا تیۆریزانانی سیاسەت لە قەیرانی دۆزینەوەی پێناسەیەک و سیستەمێکی پێوانەییدان کە چەپی پێ لە ڕاست جیابکەنەوە. ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانە خێرایانەن کە سیاسەت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا بەخۆیە دەبینیت، لەگەڵ ئەو کاریگەرییانەی ئەم دوو ئاستەی سیاسەت لەسەر یەکتری دادەنێن. چەپی کوردیش وەک هەموو تەوژمە چەپڕەوەکانی جیهان تەنها لە ئاستی تاکەکەسی و گروپی بچوکدا مانای ماوە. واتا چەپبوون کۆی واتا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لەدەستداوە و بۆتە ناونانێک کە ژمارەی ئەوانەی کە قبووڵی دەکەن تادێت کەم و کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر ڕۆژگارێک چەپبوون دەنگدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەوەی هەبوو، ئەوا ئێستا زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین زۆربەی ئەوانەی گرنگی بە سیاسەت دەدەن، ئەو کەسانەی خۆیان لە لایەنی چەپی سیاسەتدا دەبیننەوە، وەک دیماگۆگ، ئایدیۆلۆگ و پاشکەوتەی بیرنەکەرەوەی دۆگما فەلسەفیی و سیاسییەکان دەبینن. تەنها تێڕوانینێک لە شکستی حیزبە مارکسیستەکانی کوردستان بەسە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم دیدە. دەشێت لێرەدا بکرێت تەنها ئەوەندە بڵێین کە خۆنەگونجاندنی ئەم حیزبە مارکسیست و کۆمۆنیستانە لەگەڵ هەلومەرجە تازەکاندا، تووشی بەجێمانیان دەکات لە ئەشکەوتەکانی زەمەنێکدا کە بەسەرچووە. بەواتایەکی دیکە ئەو حیزبانەی بانگەشەی ئاراستەکردن و گۆڕینی مێژوو دەکەن، خۆیان لە دەرەوەی مێژوودا خەیاڵپڵاوانە وەنەوزی یۆتۆپی دەیانباتەوە.

لەڕاستیدا، دابەشکاری چەپ/ڕاست، هەر لە ڕۆژگاری شۆڕشی فەڕەنسییەوە، کە بۆ یەکەم جار لە پەرلەمانی فەڕەنسیدا بەکارهێنرا و پاشان بووە دایکۆتۆمیەکی باو و کەرەستەیەک بەدەستی تیۆریزانەکانی سیاسەتەوە بۆ جیاکردنەوەی هەڵوێست و کردە سیاسییەکان و دابەشکردنیان بەسەر ڕاست و چەپدا، دابەشکارییەکی ناسەقامگیر و شڵۆق بووە. ئەگەر لە سەردەمی ململانێی ئایدۆلۆجیا گەردوونیەکاندا، ئەم دابەشکارییە واتایەک و شەرعیەتێکی هەبووبێت، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا و لە سایەی داخزان و بێبەهابوونی ئایدۆلۆجیاکان و کرانەوەیەکی بێوێنەی دەوڵەتان بەڕووی یەکتردا، ئێمە لەکاتی باسکردن لە ڕاست و چەپ لەگەڵ کێشەیەکی تیۆری و ئیمپیریکیدا ڕووبەڕووین. بەڵام سەرەڕای ئەمە هێشتا، چ لەسەر ئاستی جیهانی و چ لەسەر ئاستی کوردستاندا، هەزاران کەسمان هەن کە خۆیان بە چەپ لەقەڵەم دەدەن، هەزارانی دیکەش بەبێ هەبوونی هیچ جۆرێک لە بنەما و شەرعیەت بە چەپ لەقەڵەم دەدرێن. دیارە ئەم تێڕوانیینە بۆ ڕاستیش دروستە،ئەگەرچی کەمترن ئەوانەی کە خۆیان بە ڕاستڕەو لە قەڵەم دەدەن. واتا ڕەتکردنەوەی ئەم دابەشکارییە، دەستبەجێ ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی پراکتیکی دەبێتەوە، کە ڕەتکردنەوەی لە ئاستی ئیمپیریکیدا ئاسان نییە. چونکە هەر ئەو کەسانەی کە پاشکەوتەی ئایدیۆلۆجیا بەناو چەپەکانن، دەتوانن خۆیان وەک نموونەی زیندوێتی چەپ نمایش بکەن. یان ئاماژە بکەن بۆ سەرکەوتنی ئەم یان ئەو حیزب، کە لە ئاستی ڕێتۆریکدا چەپن، وەک زیندوێتی چەپ و دروستی دابەشکاریی ڕاست/چەپ. لەلایەکی دیکەشەوە، هەر ئەوانەی کە خۆیان بە چەپ دەزانن، لایەنە نەیارەکانی خۆیان وەک ڕاستڕەو نمایش دەکەن، وەک هەوڵێک بۆ تانەدان لەو لایەنە نەیارانە و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم دابەشکارییە.

کەواتە ئەگەرچی زۆر ئەستەمە دابەشکارییەکی واتادار لەنێوان ڕاست و چەپدا بکرێت، هاوکاتیش زۆر سەختە بانگەشەی ئەوانەی خۆیان وەک چەپ دەناسێنن پووچەڵ بکەینەوە. تەنها لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی بەجۆرێک لە شانازییەوە بەخۆیان دەڵێن چەپ، لە سۆنگەی "باوەڕ"وە ئەم بانگەشەیە دەکەن، ڕازیکردنی مرۆڤی باوەڕداریش بە بێمانیی سیستەمی بڕواکانی یەکێکە لە سەختترین ئەو کارانەی کە دەشێت بکەوێتە ئەستۆی مرۆڤێک. ئەم سەختییە یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی ئایین، وێڕای ئەوەی کە دەقە ئایینەییەکان لەبەرامبەر دۆزینەوەکانی زانستدا جگە لە قسەی پووچ هیچی دیکە نین.

ئەگەر بۆ ساتێکیش لەگەڵ بانگەشەی ئەوانەدا کۆک بووین کە خۆیان بە چەپ دەناسێنن، ئەوا پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقێکی زۆر نابێت بۆ ئەوەی پەنجە بخەینە سەر شکستە سیاسییەکانیان و ڕەوینەوەی جەماوەر لێیان. باشترین نموونە حیزبی شیوعی و کۆمۆنیستەکان، کە یەکەم بۆتە بێدەنگترین حیزبی کوردستان و دووەم زارقەرەباڵغترین حیزبی ئەوروپانشین، کە کەس داوای دەنگهەڵبڕین لە یەکەمیان ناکات و گوێ بۆ دووەمیان ناگرێت.

کەواتە ئەگەرچی دابەشکاری چەپ و ڕاست واتای سیاسی و کۆمەڵایەتی نەماوە، بەڵام هەندێک لایەن هێشتا خۆیان بەلایەکی ئەم دابەشکارییەدا هەڵواسیوە. ئەم لایەنانە نمایشی دانسقەترین جۆری ناکارایی و بەدفەڕیی سیاسی دەکەن، چ لەسەر ئاستی تیۆری و چ لەسەر ئاستی پراکتیزدا. لێرەوە هەڵە نییە ئەگەر بڵێین چەپی کوردی سەگی تۆپیووی سیاسەتی کوردییە، هەموو هەوڵدانێکیش بۆ زیندووکردنەوەی بەهەمان کەڵبە و حەپەوە، بەهەدەر دەچێت. تەنها ڕێگەچارە بۆ چالاکانی نێو ئەم حیزبانە بریتییە لە سەرلەنوێ فۆرمەلە کردنەوەی ستراکتۆری حیزبییان لەسەر بنەمایەکی نائایدیۆلۆجی. ئەگەر پارتی و یەکێتی لە قەیرانێکی ئەخلاقی کوشندەدا بژین، ئەوا چەپی کوردی قەیرانە هزریەکانی کوشتوییەتی بەڵام کەس ئامادەنییە بانگەشەی مەرگی بکات، کەسیش نییە هێندە خەمخۆری بێت تا خۆی ماندوو بکات و فاتیحایەکی بۆ دابدات.

## کۆتایی

یەکێک لەو تێڕوانینە باوانەی کە سیاسەتی کوردی تووشی گەورەترین قەیران کردووە، تێکەڵکردنی چالاکیی و کردەی سیاسییە بە کاری حیزبی. ئەم تێڕوانییە دوو بیرۆکەی زۆر هەڵە و سامناکی لای تاکی کورد دروستکردوە: یەکەم، لە دەرەوەی حیزبدا هیچ پانتاییەک نییە بۆ سیاسەت، سیاسەت و حیزبایەتی دوو ناون بۆ هەمان چەمک. دووەم، بێزارکردن و بێئومێدکردنی خەڵک لە سیاسەت، کاتێک سیاسەت و حیزبایەتی بەو ئاستە ترسناکە تێکەڵکران (کاتێکیش حیزبایەتی بووە سواڵکردن و چەتەیی) تاکی کورد ڕوودەکاتە هەر شتێک کە بۆنی حیزبایەتی لێنەیەت. دواجار ئەم دوو بیرۆکەیە، کە لە بنەڕەتدا هەڵەن، کۆی پانتاییەکانی سیاسەت بۆ کۆمەڵێک ئەندام و کادری ناکارای حیزب بەجێدەهێڵێت کە جگە لە هونەری دزیکردن، لە هیچ هونەرێکی دیکەدا شارەزانین.

ئەم تێڕوانینە باوە، لەم دواییانەدا چەندین نووسەر و چالاکی سیاسی ناچارکردووە، کە وەک هەوڵدانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکانی کوردستان، پێشنیاری دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بکەن، بەشێوەیەکی دروستتر دامەزراندنی حیزبۆچکەیەکی دیکە بۆ ئەوەی ببێتە کرێچی پارتی و یەکێتی و ساڵانە بە توورەکەی سواڵەوە لەبەردەگای مەکتەبی سیاسی ئەم دوو حیزبەدا مشتێک پارەی بدرێتێ و زمانی لێبسەندرێت. کۆی ئەم پێشنیارانە ئەوە نیشان دەدەن کە تا ئێستاش گرنگیدەرانی ئێمە بە سیاسەت، دیلی ئەو دابەشکارییەی چەپ/ڕاستن و لە گێژاوی ئایدۆلۆجیا گەردوونییەکان قوتاریان نەبووە.

بەڵام هیچ کەس لە دەرەوەی حیزبدا دەروازەیەک نابینێتەوە بۆ گۆڕان، چونکە کەس بڕوای بەوە نییە کە لە دەرەوەی حیزبدا پانتاییەک هەبێت بۆ سیاسەت. بەڵام لەڕاستییدا گەورەترین و کاریگەرترین پانتایی بۆ کردەی سیاسی لە دەرەوەی حیزبە چەتەئاساکانی وەک پارتی و یەکێتی یان حیزبۆچکە کرێنشینەکانی وەک حیزبی شیوعی و زەحمەتکێشان یان حیزبە قۆنتەراتچییەکانی وەک یەکگرتوودایە. ئەگەرچی ئەم پانتاییە لە ئێستادا لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە یان قۆرخکراوە یان قەدەغە، بەڵام هەر هەوڵدانێک بۆ سەندنەوەی ئەم پانتاییە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، پێویستە لە دەرەوەی حیزبۆچکەکانەوە ئاراستە بگرێت. لەبەر هۆکاری قۆرخکردنی پانتایی سیاسی و زەمینەی بواری گشتی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، کۆی حیزبۆچکەکانی کوردستان بوونەتە کرێنشینی پارتی و یەکێتی، کە برتەوبۆڵەیان بەسەردا تێپەڕدەبێت، بەڵام لەوەبەدەر لەو پانتاییە بچکۆلانەیەدا کە پارتی و یەکێتی پێیبەخشیوون دەردەکرێن. کەواتە دامەزراندنی حیزبێکی دیکە جگە لە درێژترکردنی لیستی حیزبۆچکە سواڵکەرەکان هیچی ئامانجێکی دیکە ناپێکێت. لە هەلومەرجێکدا کە پارتی و یەکێتی کۆی کوردستان بە دانیشتوان و سامانەوە بە موڵکی ڕەهای خۆیان بزانن، حیزبایەتی یان دەبێت لەژێر سایەی ئەواندا بێت، وەک زۆربەی حیزبۆچکەکانی ئێستا، یان دەبێت لەڕێگای بوونە داردەستی دەوڵەتێکی دەرەکییەوە بێت، وەک یەکگرتوو و حیزبە ئیسلامییەکانی تر. لەبەرئەوە تەنها ڕێگا بۆ گێڕانەوەی پانتایی سیاسی و بواری گشتی چالاکیی جەماوەرییە لە دەرەوەی حیزبەکاندا و ناچارکردنی دەسەڵاتدارانە بە گۆڕان. تا چەند ئەمە سەرکەوتوو دەبێت پرسیارێکە بۆ ئایندە جێدەمێنێت، بەڵام دواجار ئەگەرەکانی سەرکەووتنی زۆر زیاترن لە ئەگەری سەرکەوتنی حیزبێک لە بەدیهێنانی گۆڕاندا.

دواجار زۆر گرنگە کە شکستی سیاسی چەپی کوردی وەک شکستی هزری مارکس و مارکسیزم نەبینرێت. لەڕاستیدا فەلسەفەی ئابووری و کۆمەڵایەتی مارکس تا هەنووکەش، گەورەترین و قووڵترین سەرچاوەن بۆ تێڕامان لە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهان. بەڵام سەخت نییە ئەگەر هەست بە شکستخواردنی پێشبینییەکانی مارکس بکەین لەپەیوەند بە داڕمانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. ئەمەش دەبوایە پانتاییەک بوایە بۆ سەرنجدان و ڕاڤەکردن لەلایەن ئەوانەوە کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن، پاشان بۆ جۆرێک لە بەخۆداچوونەوە و هەوڵدانێک بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا. واتا خیانەتی یەکەمی ئەم حیزبە بەناو مارکسیستانە لە خودی مارکس بووە، ئەمەش لەڕێگای خۆهەڵواسین بە کۆمەڵێک دۆگماوە کە تەباکردنەوەیان لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا ئەستەمە. مارکس لە (ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ)دا دەڵێت: "تاک بوونەوەرێکی ئەبستراکت نییە کە لە دەرەوەی جیهاندا نیشتەجێ بێت. تاک بریتییە لە جیهانی مرۆڤ، دەوڵەت و کۆمەڵگا." واتا تاک ناتوانێت لە دەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەبێت، تەنها ڕێگایەکیش بۆ تێگەیشتن لێی، بینینیەتی وەک بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی. شکستی سەرەکیی چەپی کوردی لەوەدایە کە پەیوەندییان لەگەڵ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا پچڕاوە و خۆیان کرۆدتە دیلی کۆمەڵێک ئایدیاڵ. ئەگەرچی ئەم ئایدیاڵانە گرنگن، بەڵام بەو ڕەوانبێژییە سیاسیی و پرۆگرامانەی کارکردنی ئەوان، بەدیهێنانیان مەحاڵە. کاتێکیش حیزبێک شکستیخوارد لە گەیاندنی پرۆگرامە سیاسییەکەی بە جەماوەری کۆمەڵگاکەی و کۆکردنەوەیان لە دەوری خۆی، دەبێت بەخۆداچوونەوەیەک هەبێت کە دەسنیشانی شکستەکان بکات و پەنجە بنێتە سەر برینەکان. بەڵام چەپی کوردی چەندین ساڵە لە شکستی سیاسی و پووکانەوەی جەماوەریدایە، ئەوەی نەکراوە بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە. تێڕامان لەو مێژووەشە کە وای لە ئێمە کرد بڵێین کە چەپی کوردی سەگی تۆپیووی سیاسەتی کوردییە.

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند
2006/03/10